# ڕاپۆرتی دۆستێکی دڵسۆز لە مەریوانەوە بە بۆنەی پیلانگێری ڕژیم

**بە ناوی خودای بەخشەندە و میهرەبان**

لە ناوەڕاستی ساڵی ١٣٨٧ی کۆچی خۆری، مەلا حامیدی مەردۆخی، مەلای دەرکراو لە هەورامان و چنارە بە سەر خەڵکی موسوڵمان و دینداری ئاوایی بارام ئاوا سەر بە شارستانی سەروئاباد، وەکوو پێش نوێژ ئەو ئاوایی یە دەسەپێندرێت.

لە دوای تێپەر بوونی چەندین مانگ بە هۆی ناپاکی و ئاژاوەگێڕی، دەبێتە هۆی کێشە و ناتەبایی و شەڕ و خوێنڕشتن لە نێوان خەڵکی ئاوایی،بە شێوەیەك کە نزیك بوو کەسی تێدا بکوژرێ. بە فەرمانی بەرپرسانی ئەم پێش نوێژە بەکرێگیراوە و بە هۆی بەرێوەبردنی ئەرکە پێسپێردراوەکانی، وەفدێك لە بەرپرسانی حکومەت، لە ڕێکەوتی ١٣٨٧/٨/١٧ بە مەبەستی پتەوکردنی جێگەوپێگەی ئەو بەرەو ئاوایی بەرێکەوتن، بەڵام لە گەڵ نارەزایەتی زۆربەی خەڵکی ئاوایی یەکە بەرەورو بوونەوە و خەڵك ی ڕایانگەیاند، ئیتر ئەم مەلایە بەکرێگیراو و خائینەمان ناوێ و دەبێ لەم ئاوایی یە بڕوا.

حکومەتی بە ناو ئیسلامی ئێران لە وەڵام بە خواستە ڕەواکانیان لە ڕێکەوتی ١٣٨٧/٨/١٩ هەشت کەسی لە خەڵکی ئاوایی گرت و بەرەو زیندانی ئیدارەی ئیتلاعاتی ڕژیم لە مەریوان ڕەوانەیانی کرد و کەوتنە بەر ئازار و ئەشکەنجەی مەئمورانی ڕژیم. لە دوای نارەزایەتی خەڵکی ئاوایی بەرامبەر بە گیرانی ئەو هەشت کەسە و لانەبردنی ئەو مەلا بەکرێگیراوە، سەرەرای ئەوە کە بەڵێنی لابردنیان جێبەجێ نەکرد، بەڵکو لە ڕێکەوتی ١٣٨٧/٨/٢٣ سێ کەسی دیکە لە خەڵکی ئاوایی یەکەیان بە شێوەی دڕندانە و ڕەفتاری نامرۆڤانە وبە پێچەوانەی ئایینی ئیسلام، گرت و ڕەوانەی زیندانیانی کرد و لە ڕێکەوتی ١٣٨٧/٨/٢٤ مەلا حامید مەردۆخی لە سەر داوا و بە پێداگری بەرپرسەکانی نویژی جومعەی لە گەڵ ١٠ کەس لە بەسیجی یەکان و دەست و پەیوەندەکانی ڕژیم بەرێوە برد و ١١ کەسی گیراو لە خانەوادەکانی شاپری، محمدیان، سبحانی و کاکەخانی ئێستا بە بێ ئەوەی حوکمیان بدرێ و ئیجازەی چاوپێکەوتن لە گەڵ کەسوکاریان پێ بدرێ، لە زیندان دان و لە سەر ویستە ڕەواکانیان ئازایانە و بەبڕشتانە پێداگری دەکەن.

داوای دلسۆزانە لە ماموستایان و پێش نوێژان ئەوەیە کە ئایینی خودا کە بەراستی بۆ تەبایی و یەکدڵی و یەکرنگی و خۆشەویستی نێوان مرۆڤەکان هاتۆتە خوار، نەیکەنە هۆی ڕق و کینە و کێشەکان، تا لە لای خودا و عەبدەکانی شەرمەزار و ڕوو ڕەش نەبن و ڕزقی خۆیان لە خودا داوا کەن و بەس.

***

# ڕژیم لە ناوخۆی دا لە حاڵی ڕووخانە

سەرچاوە: سایتی ڕوز
و: یەحیاعەلیمورادی



لە حاڵێکدا کە ئاسەواری کارە خراپەکانی دەوڵەتی نۆهەم ڕۆژبەڕۆژ زیاتر ئاشکرا دەبێ و پانتایی ئیعتراز و نارەزایەتیەکان تەنانەت لە نێو کاربەدەستانی پلەبەرزی ڕژیمی ئاخوندی بەرینتر دەبێ، دڵەراوکێ لە مەڕ ئەگەری لە ناوچوونی ڕژیمی ئاخوندی لە ناوخۆشدا لەم ماوەدا زیادی کردووە. کاربەدەستانی ڕژیمی ئاخوندی لە چەند ساڵی ڕابردوودا لەوەی کە ڕووخانی هێمنانە ناونراوە زۆر جار نیگرانی خۆیان دەربڕیوە.

موحسێنی ئێژەیی وەزیری ئیتلاعاتی ڕژیم لە گەلاوێژی ٨٦ دا باسی لە بوونی سێ گەڵاڵەی ڕووخاندنی هێمنانە کردبوو و گۆتبووی: دژمنانی حکوومەتی ئیسلامی دوای ئەوەی کە دژکردوە گەلێکی بەرینیان بۆ لە ناوبردنی نیزام ئەنجام دا و هەموویان ئاشکرا کران، ئێستا لە حاڵی بەرێوەبردنی سێ گەڵاڵە بۆ لە ناووبردنی نیزامن.

ناوبراو ناراستەوخۆ ئیشارەی بە سەرنەکەوتنەکانی دەوڵەت کرد و بەڵام بەم ئیدیعایە کە دژمنانی ئیسلام هەوڵ دەدەن لە کۆمەڵگا نیشان بدەن کە دەوڵەتی نۆهەم و مەجلیسی حەوتم کارەکانیان پێ بەرێوە ناچێ تاکو ڕێگا بۆ هێندێك لە مۆرەکانی خۆیان بۆ هاتنەناو دەوڵەت و مەجلیس خۆش کەن گۆتبووی گرینگترین گەڵاڵەی دژمنانی نیزام ، بە سەرنەکەوتوو نیشاندانی نیزامی کۆماری ئیسلامی لە کارەکانیدا و ڕووخانی هێمنانەیە.

ئەم مەسەلەیە لە هەلومەرجێکدا باس دەکرێ کە عەلی لاریجانی، سەرۆکی مەجلیسی هەشتمی ڕژیمیش سەرەرای ڕەخنە لە سیاسەتە ئابووریەکانی مەحمودی ئەحمەدی نژاد و بە تایبەت گەڵاڵەی گۆڕینی ئابووری کە سڕینەوەی سوپسیدەکانیشی لە گەڵ دایە وورییایی بە دەوڵەتدا کە بەرێوەبردنی ئەم گەڵاڵەیە ئاکامی چاوەڕوان نەکراوی سیاسی، کۆمەڵایەتی وفەرهەنگی بۆ حکومەت بە دواوە هەیە.

غوڵامعەلی ڕەشید، جێگری سەرۆکی ناوەندی گشتیی هێزە چەکدارەکانی ڕژیم لە هەفتەی بەسیجدا بە هەواڵنێری خوێندکارانی ئێران، ئیسنای گووت: لە سێ هەڕەشەی ئێستا لە دژی حکومەتی ئیسلامی ٢ هەرەشەیان ڕیشەی کۆمەڵایەتی و ناوخۆیی هەیە. ناوبراو سەرەرای ئەگەری خولقاندنی کارەسات لە لایەن ئیسرائیل و ئەلقاعیدەوە، ئاڵوگۆڕە کۆمەلایەتیەکان و دابەزینی قیمەتی نەوتیشی وەکو ئەو هەڕەشانە ناوبرد کە حکومەتیان کردووە بە ئامانج و لەم بارەوە ووتی لەوانەیە ڕووداو گەلێك وەکوو ١٨ ی پوشپەڕمان هەبێ کە دەبێ لەم بارەوە ئاگادار بین.

**کاربەدەستان و سیاسەتمەدارانی پلە بەرز ڕەخنە نەگرن:**

نوێنەری وەلی فەقیە لە سوپای پاسدارانیش لە ڕۆژی کۆبوونەوەی هەزار کەس لە بەرێوەبەرانی عەقیدەتی و چاودێری سوپا، وەلی فەقیهی وەکوو زرێ یەك لە بەر نیزام ناوبرد و داوای لە بەرپرسان و سیاسەتمەدارانی پلە بەرز کرد بڕیاری ڕابەر سەبارەت بە کەمکردنەوەی ڕەخنەکان لە دەوڵەت جێبەجێ بکەن.

محەممەدی حیجازی جێگری فەرماندەی سوپای پاسدارانیش لەم کۆبوونەوەدا بە پیداگرتن لە سەر ئەوەی ئاڵوگۆڕەکان لە دنیای ئەمڕۆدا دەستبەجێ کاریگەری دادەنێن ووتی پێشتر ئەمریکا ئیستراتێژی سیاسەتێکی لە جێی زۆرێیك لە ئیستراتێژی یەکان دەگرتەبەر بەڵام ئێستا بەپێچەوانەوە بیر لە چەندین ڕێگە و ئیستراتێژی بۆ شکست دانی کۆماری ئیسلامی دەکاتەوە. ناوبراو هەروەها ووتی تەماشا کردنی هەڕەشەکان وەك یەك هەڵەیە، هەرەشەکان بە شێوەی سینوسی کار دەکەن و زۆر ئاڵۆز و پەیوەستن. ناوبراو هەر بەم پێیە هەلومەرجی ئێستای ڕژیمی ئاڵۆز ناوبرد و ووتی ئێمە لە گەڵ ڕسکاویکی چەند لایەنە و هەرەشەی هاوکات و ڕسکاوی چەند هۆیی بەرەورووین.

**هێرشی فەرهەنگی:**

لە نوێترین بابەت ئاخوند حەسەنی ڕەبانی سەرۆکی دەفتەری ڕاگەیاندنی ئیسلامی شاری قوم قسەی لە ئەگەری ڕووخانی ڕژیم لە ناوخۆ کرد و زیادی کرد: دژمن هەموو هێزی خۆی خستووەتە بەردەست تا بتوانێ بە هێرشی فەرهەنگی نیزام لە ناوخۆوە لەرزۆك بکا.

سایتی ئێترنێتی دەفتەری ڕاگەیاندنی ئیسلامی شاری قوم ، کە قسەکانی ئاخوند حەسەنی ڕەبانی لە کۆبوونەوەی ناوەندی هاوکاری حەوزە عیلمی یەکان و ئاموزش و پەروەرش ی بڵاو دەکردەوە هەروەها لە زمانی ئەم ئاخوندوە باسی لە دزە کردنی دژمنان بۆ ناو دەزگا فەرهەنگی یەکانی ئێران کرد و نووسی: دژمن بە هەمووی توانایەوە شەڕی فەرهەنگی نابەرامبەری دەست پێکردووە کە دەبێ هەموو تواناییمان لە بەرامبەر هێرشی دژمن بخەینە کار. ئیدیعای دزە کردنی دژمنان لە شوێنە فەرهەنگی یەکان لە دوای ئەوە هاتە ئاراوە کە لەم دواییانەدا محەممەد عەلی جەعفەری فەرماندەی سوپای پاسداران هەواڵی ئاشکرا بوونی باندێکی سیخۆری دابوو، سەعیدی مورتەزەوی دادستانی ڕژیم لە تاران بە هەواڵنێرانی ووت کە کەسی سەرەکی ئەم باندە ئەندامی بەسیج بووە.

لە هەمان حاڵدا هەواڵنێری میهریش هەواڵیدا کە سەرۆکی دەفتەری ڕاگەیاندنی ئیسلامی خوازیاری بەرەورو بوونەوە لە گەڵ هێرشی فەرهەنگی بووە و ووتوویەتی : ئامانجی دژمن لە ناوبردنی نیزام لە ناوخۆیە. بەم هۆیە ناوبراو هەلومەرجی ئێستای لە گەڵ سەردەمی شەڕی نێوان ئێران و عێراق لێکداوەتەوە وخوازیاری بەرەورو بوونەوەی تۆندی ناوەندە حکوومەتیەکان لە گەڵ چالاکانی فەرهەنگی و کۆمەڵایەتی بووە.

سەرۆکی دەفتەری ڕاگەیاندنی ئیسلامی شاری قوم هەروەها ووتوویەتی: ڕێبەری هەر لە ساڵانی ڕابردووەوە باسی هێرشی فەرهەنگی بە گوێ ی بەرپرسەکاندا دابوو بەڵام بەداخەوە بەو جۆرە کە شیاوە، سەرنج بە پێداگریەکانی نەدراوە.

***

# کەسایەتی مرۆڤ لە چ تەمەنێکدا دردەکەوێ؟



کەسایەتی مرۆڤ لە چ تەمەنێکدا دروست دەبێ؟ تاچ تەمەنێك ئاڵوگۆری بەسەردا دێ؟ فاکتورە بنەڕەتیەکانی تا چ ڕادەێیك کاریگەری لە سەر تایبەتمەندیەکانی و هەڵسوکەوتە کۆمەڵایەتیەکانی هەیە؟ لە چ تەمەنێکدا دەتوانێ چاك و خراپ بناسێ؟ ئایا ئەو منداڵانەی لە پێش چوونیان بۆ مەدرەسە الفوبێ فێر دەبن و بە زوویی (بیرکاری)حیساب فێر دەبن لە منداڵەکانی دیکەی مەدرەسە باشتر دەبن؟ چۆن ئەوەی کە هەین هەر ئەوە دەبین؟ ناوی کۆبوونەوەێیکی چەند ڕۆژە بوو بوو کە لە لایەن لێکۆڵەرەوانی بەشی (نۆرون) ناسی دامەزراوەی، (ماك بلانك)، لە شاری منشن لە ئاڵمان بەرێوە چوو.

لەوکۆبوونەوەدا لێکۆڵەرەوانی نۆرون ناسی ئاکامی لێکۆڵینەوەێیکی بیست ساڵەیان نیشاندا. فرانس واینیرت( franze wainert )بەرێوەبەری پێشووی دامەزراوەی ماکس بلانك بیستوچوار ساڵ لەوە پێش یەکەمین بەشی نۆرون ناسی ئەو دامەزراوەی دروست کرد. فرانس واینێرت بە هاوریەتی دەستەێیك لێکۆڵەرەوە گەڵاڵەێیکی درێژماوە بەڵام سەرنج ڕاکێشیان بە ناوی مەنتق دەست پێکرد. ناوبراو لە گەڵ دەستەی هاوکارەکەی ٢١٠ منداڵی نزیك بە ٣ ساڵ کە تازە چووبوونە خانەی منداڵان هەڵبژارد

مەبەستی ئەو پرۆژە هەڵسەنگاندنی شێوەی کەسایەتی مرۆڤ لە ماوەی منداڵی تا سەرەتای لاویەتی بوو. هەڵبژاردنی منداڵان لەو تەمەنەدا هەلی لێکۆڵینەوە لێ یانی بۆماوەی دوروژرێژدا ڕەخساند. ١٠ ساڵ لە دوای لێکۆڵینەوەکە واتە ئەو کاتەی منداڵەکان گەیشتبوونە تەمەنی دوانزە ــ سیانزە ساڵ، تەمەنێك کە کۆتاییەکانی منداڵ و سەرەتای بلوغ بوونە، لێکۆڵینەوەکە بە پەلە و توندتر بەرێو دەچوو.

هەرکام لە منداڵانی بەشداربوو سێ جار بۆ دامەزراوەکە بانگ دەکران و لە کۆبوونەوە و دانیشتنێکی دۆستانە لە گەڵ تیمی لێکۆلینەوە، وەڵامی پرسیارەکان کە بە نووسین و بە دەمی لێیان دەکرا دەدایەوە. پێنج ساڵ لە دوای ئەو ڕێکەوتە و لە دوای مەرگی فرانس واینێرت، دامەزراوەی ماکس بلانك درایە زانستگای منشن کە بەرێوە بەری نوێ پرۆژەکە توانی بە کومەکی مادی و پوولی کارخانەی فولوکس واگۆن ، ڕێگە لە هەڵوەشانی تیمی لێکۆلەرەوە بگرێ و لە ساڵی ٢٠٠٥ توانیان پرۆژەکە بە سەرکەوتوویی کۆتایی پێ بێنن.لە کۆبوونەوەی منشن(مونیخ) لە ژێرناوی (چۆن دەبینن بەوەی هەین) ئاکامی ئەو لێکۆڵینەوە بیست ساڵەیان لە چەند بەشدا پێشکەش کرد، کە بریتی بوون لە ڕادەی هۆش،بیری تیژ(حافظە)، ڕفتار و کاریگەری دەوروبەر لە سەر دروست بوونی کەسایەتی مرۆڤ. ئاکامی لێکۆڵینەوەکە دەری دەخا کە لە خوار چوار ساڵیەوە دەکرێ بزاندرێ ڕادەی هۆشی منداڵ چەندە و تەنانەت لە شەش ساڵیەوە دتواندرێ بەراورد بکرێ کە توانایی و ڕادەی فێر بوونی منداڵ لە داهاتوودا چەند دەبێ. بەڵام ئەو توانایە دەکرێ وەك سەرەتای ماوەی لاویەتی لە پەروەردە کردن ناو بەرین، بەو مەعنایە کە فێر کردن و بارهێنانی باشی هەر منداڵێك، تواناکانی بنەڕەتی دەگەشێنێتەوە و بەرەوسەری دەبا. دیارە دیارە ئەوەی کە لە شەش ساڵیدا دەردەکەوێ، خودی توانا بنەرەتیەکانە کە ئەو گەشەسەندن و بەرەو پێش چوونە ئامادە دەکا. خاڵێی جێگەی سەرنج کە ئەو لێکۆڵینەوە دەری خستوە پەیوەندی نێوان ڕادەی هۆش و توانایی مەنتقە. ئاکامەکە دەری دەخا کە پێش لە دەورانی مەدرەسە هیچ پەیوەندێیکی ئاشکراو مانادار لە نێوان هوش و بیر کردنەوەی مەنتقی وجودی نیە. ئەو پەیوەندیە لە دەوری دەرس خوێندن دروست دەبێ و پێکدێ. فاکتۆری گرینگ و کاریگەر لەو پەیوەندیەدا بیرکاری(ریاضیاتە) حیسابە

لێکۆڵەرەوان لە بەشێکی دیکەدا لە کات و شێوەی دروست بوونی بیری مرۆڤ لە ماوەێیکی کۆرتدا لێکۆڵینەوەیان کردووە، دیاردە و نیشانەی بیری کۆرت لە شەش ساڵی تا هەڤدە سالیە کە تا تەمەنی هەڤدە ساڵیەوە زیاد دەکا، بەڵام لەو تەمەنەدا بە شێوەیەکی وەك خۆی مام دەمێنێتەوە و ئاڵوگۆڕی بەرچاوی بەسەردا نایێ، دیارە ئەو لێکۆڵینەوە لە سەر کەسانی ٣ تا ٢٣ ساڵ ئەنجام دراوە. ئەو خوێندکارانەی کە بۆ لە کاتی سەرەتایی هوشی زیاتر یان فێر بوون و لە بەر کردنی شیعر و مێژوو هەیە لە تەمەنی بەرەو سەریشدا ئەو توانایەیان دەمێنێ. بەشی کۆتایی لێکۆڵینەوە لە سەر دروست بوونی خوورەو شت و هەڵسوکەوتی کۆمەڵایەتی هەڵسەنگێندراو لە کەسایەتی منداڵاندا دەکا. بۆ منداڵان لە تەمەنی چوار و شەش و هەشت ساڵیدا حیکایەت و بەرسەرهاتی جۆراوجۆر خوێندراوەتەوە کە لە تێکڕای ئەو حیکایەتانەدا قارەمانەکانی حیکایەتەکان بەشێك لە نرخ و بەها ئەخلاقیەکانیان ژێرپێ ناوە، بۆنمونە، لە حیکایەتەکەدا پاڵەوانی حیکایەتەکە شیرینی دزیوە. لە دوای خوێندنەوەی حیکایەتەکە کە لە منداڵی چوار ساڵەیان پرسی ئایا کەس دەبێ شیرین بدزێ؟ ئەگەر وەڵام نایە بۆ چی؟ ئاکامەکە دەری دەخا منداڵان زۆر زوو جیاوازی باش و خراپ دەزانن، بۆ نمونە ٩٨ لە سەدی منداڵان باوەریان وابوو نابێ شیرینی بدزرێ، چونکە کارێکی خراپە.

(سەرچاوە بەشی عیلمی، ڕادوێ ئاڵمان)